# بۆنی نەوت

زاهیر باهیر- لەندەن

بەشی یەکەم

خوێن و نەوت (Blood and Oil)
نووسینی: مایکڵ کلەیر Michael Klare
لە بڵاوەکراوەکانی : Penguin Group
چاپی یەکەم، ئەمریکا، 2004

سەدەی رابوردوو سەدەیەکی خوێناوی بوو. کارەسات و ڕووداوی گەورە و جەرگبڕی بە خۆیەوە دی. سەرتاپای جیهان بە ئەوروپاپیشەوە لەو کارەساتانە بێبەش نەبوو. ئاماژەکردن بە نموونەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوەندی ئاسیا، خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەک ڤییێتنام و کەمبۆدیا و لاوس و.. ئەفەریقا بە هەموو پارچەکانییەوە، ئەمەریکای لاتین و ژاپۆن و چین و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ئەو ڕاستییەی سەرەوە دێننە بەرچاو.

بە پێی ئامارە فەرمییەکان، سەرجەمی خەڵکانێک کە لە نێوان ساڵانی 1950 و 2000 دا کوژراون، زیاترن لە سەرجەمی قوربانییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، ئەمە بێ لە قوربانییەکانی تری وەک خەڵکانێک کە زیانمەند بوون چ لە ڕووی مادییەوە یا لە ڕووی جەستە و لەشیانەوە، یا هەموو شتێکیان لەدەست داوە بە هەڵکەندنیان لە شوێنەکانی خۆیان و ڕاگواستنیان بۆ شوێنی تر.
هەموو ئەمانە سەرئەنجامی جەنگە چکۆلەکان بوون، کە هەندێکیان زیاتر لە 30 ساڵیان خایاندووە و زۆربەی ئەو شەڕانەیش لەبری ڕووسیا و ئەمەریکاوە کراون، یا هەر دوای دەستپێکردنیان خۆیان بە یەکێک بەو دوو جەمسەرە جیهانییەوە بەستووەتەوە، بە تایبەت دوای گەشەکردنی ئەمەریکا و دەرکەوتنی وەک هێزێکی گەورەی جیهانی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ململانێی شوورەوی جاراندا.

ئەمەریکا لە نێوان ساڵانی 1945 و 2005 دا هەوڵی هێنانەخوارەوەی 50 حوکوومەتی داوە، کە زۆربەی ئەو حوکوومەتانە دیموکراتی بوون و هەوڵی تێکشکانی 30 بزووتنەوەی جەماوەرییانەی داوە، کە جەنگیان دژی ڕێژیمە ستەمکارەکان کردووە و 25 وڵاتیشی بۆردومان کردووە، کە بووەتە هۆی لەدەستدانی ژیانی میلیۆنان خەڵک و هەڵکەندن و بڵاوەپێکردنی میلیۆنانی تر.(1)

هەر بەم هۆیەشەوە تویژینەوەیەکی زۆر کراوە لە سەر هۆی شەڕەکان و ئاقار و بەرنامە و دەسکەوتەکانیان. زۆربەی تویژەرەوەکانیش لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە شەڕەکان شەڕی جیاوازی بووە، شەڕی بەیەکدادانی شارستانییەتییەکان بوو، شەڕی ئایین و مەزهەب و شەڕی بەیەکدادانی ڕەگەز و تیرە و هۆز و شەڕی نەتەوەیی بووە.

مایکڵ کلەیر(Michael Klare)، لەم کتێبەیدا(خوێن و نەوت BLOOD AND OIL)، ڕایەکی دیکەی هەیە، کە لە زۆربەی توێژەرەوەکانی دیکە جودایە. لە پێشەکی کتێبەکەیدا، لە لاپەڕە x دا دەڵێ:"دوای تاوتوێیەکی زۆری ژمارەیەکی زۆر لەو شەڕانەی، کە لە ئەفەریقا و ئاسیادا بەرپا بوون، گەیشتمە ئەنجامیکی تر، کە جیاوازییەکی ڕادیکالی هەیە لە هەنتینگتن(Huntington)، کە ئەویش سەرچاوەی ئابووری و سامانە نەک جیاوازی شارستانییەتی یا ناسنامە، کە ڕەگی

بەیەکدادانە هاوچەرخەکانن. لە ئەنگۆلا و سیارەلیۆن، کۆنترۆلکردنی کێڵگەکان یا چاڵەکانی دایەمۆند، بۆ ماوەیەکی درێژ ڕاگری ئەو شەڕە خوێناوییانە بوو. لە کۆنگۆ زێڕ و مس و لە بۆرنۆ و کەمبۆدیا دار و دارستان بوون. گیانی ئایینی و هەستی کەمینەیی نەتەوایەتیی بە دڵنیاییەوە ڕۆڵیان لەو بەیەکدادانانەدا بوون و کایەیەک یا تاکتیکێکی بزوێنەرانە یا هاندەرانە بوون لە لایەن سەرانی تیرە و هۆزەکانەوە، کە ئەوانیش بە دەوری خۆیان بەڵێنی دەستبەسەرداگرتنی ئەو سەرچاوانەیان داوە. توێژینەوەکەی من هەمیشە بۆ دۆزینەوەی هۆ و قسەوباس لە سەر شەڕ، وای نیشان داوە، کە شەڕەکان خەباتکردن و کێشمەکێش بوون بۆ وەدەستخستنی کانزا کەمە نایابەکانی وەک دایەمۆند و زێڕ و مس و ماسی و ئاو و دار و درەختە کۆنبووەکان، کە بۆ زەوییە بە پیتەکان ڕوواون و لە چەند نموونەیەکیشدا نەوت".

کلەیر، لەم کتێبەیدا و لە نێو هەموو سەرچاوە سروشتییەکاندا زیاتر جەخت لە سەر نەوت دەکات، کە بووەتە جووڵێنەری ماشێنی ژیانی ئەمەریکا. ئەمەریکییەکان خراپ فێر بوون. ئەوان فێری ئەوە بوون، کە نەوتێکی زۆر و بە نرخێکی هەرزانیان لەبەردەستدا بێت، کە ئەمەیش تا ساڵی 1940 یا ڕاستتر تا چلەکانی سەدەی پێشوو، واتە: تا ئەو کاتەی کە ئەمەریکا وەک هێزێکی باڵادەستی گەورە لە گۆڕەپانی ململانێی جیهانیدا سەری هەڵنەدابوو و نەوتی بەشی خۆی هەبوو، کارێکی ئاسان بوو. لە ساڵی 1860ەوە تا جەنگی جیهانی دووەم، ئەمەریکا وڵاتی یەکەم بووە لە دەرهێنانی نەوتدا و پێویستی بە نەوتی شوێنانی تر نەبوو، بەڵام لە چلەکانی سەدەی پێشووەوە ئەمە گۆڕا و ئیدی ئەمەریکا دەستیکرد بە هێنانی نەوت لە دەرەوە، لە ساڵی 1950دا هێنانی نەوتی ئەمەریکا لە دەرەوە 15%ی سەرجەمی نەوتی بەکارهێنراوی ئەمەریکا بوو. لە ساڵی 1960دا ئەم ڕێژەیە چووە سەرەوە بۆ ڕێژەی 18% و لە ساڵی 1970دا ڕێژەکە دووقات بووەوە.

ئەمەریکا پێش دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم 20 ملیار بەرمیل نەوتی پاشەکەوتکراوی هەبوو، بەڵام لە ساڵی 1942دا ڕۆژانە 4 میلیۆن بەرمیل نەوتی پێویست بوو، کە ئەمەیش لە ساڵێکدا دەیکردە 1.45 ملیار بەرمیل.

بردنەوەی هەر جەنگێک، لەوانەیش جەنگی دووەمی جیهانی، بە پلەی یەکەم پشتی بە نەوت دەبەست. هەر لە ڕۆژانی هێرشکردنەسەر پیرڵ هاربەر(Pearl Harbor) (1تا ساڵی 1945، ئەمەریکا بە 6 میلیار بەرمیل نەوت لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکاندا، کە سەرجەم 7 ملیار بەرمیلیان سەرف کردبوو، بەشداری کرد. بۆ نموونە لەو جەنگەدا بەتالیۆنێکی ئاسایی لە ڕێکردنی تەنیا 100 میلدا 17000 گالۆن بەنزین و گازی پێویست بووە و بە چەند دانەیەک لە پاپۆڕە جەنگییەکان یا فڕۆکە جەنگییەکان لەگەل پیداویستییەکانی تری جەنگدا وەک کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمەریکی(US fifth fleet)، 630 میلیۆن گالۆن گازی لە ماوەی تەنیا 2 مانگدا سەرف کردووە.

ئەمە سەردەمی جەنگ، دوای جەنگیش ئەمەریکاییەکان بۆیان دەرکەوت، کە ئەگەر بیانەوێت درێژە بە بەڕێوەبردنی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەیان بدەن، پێویستە ڕێگە چارەیەکی تری بۆ بدۆزنەوە، چونکە نەوت لە شادەمارەکانی لەشی ئەمەریکاییەکاندا جێگەی خوێنی گرتووەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان نەوت لە هەرسێ بوارە سەرەکییەکانی ژیانیان: بەڕێکردنی ژیانی

ڕۆژانەیان، بەرهەمهینان و بازرگانی( واتە: کاروباری ئابووری)، هەروەها لە جەنگەکانیشیاندا، کە بێ نەوت ناکرێن، زیاد لە پێویست بەکاری دەبەن.

ئەمەی سەرەوە ئەوە ناگەیەنیت، کە ئەمەریکاییەکان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەستیان بە پێویستی نەوت کردبێت، بەلکو زۆر پێشتر لەم پێویستییە تێگەیشتبوون. کەسێک کە ئەم مەسەلەیەی باشتر دەرک پێ کردبێت سەرۆک فرانکلین ڕۆزفێلێلت بووە، کە لە ساڵی 1945ەوە و پێشتریش شا عەبدولعەزیز کوری سعوودی بینیوە سەرجەمی باسوخواسەکانیان بە دۆکیۆمێنت هەن. بە ڕای کلەیر مەسەلەی دەستکەوتنی نەوت بە هەر شێوەیەک بێت بووەتە ستراتیجییەتی سەرەکی ئەمەریکا و بگرە بووەتە بەشێکی گەورەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، تا ئەو ڕادەیەی کە هەر نەوت شێوە و ناوەڕۆکی ئەم سیاسەتە پێکدەهێنێت و هەر لە سەر ئەو بناخەیە سیاسەتی دەرەوە تا ئەمڕۆیش دادەڕێژرێت تا ڕادەیەک مەسەلەی نەوت لە پاش 11-9-2001 ەوە وای لێهات، کە بە ئاساییشی ئەمەریکاوە وەک دەوڵەت و وەک هەیبەت وەک کەڵەگای جیهان، گرێ بدرێت. هەروەها بە پاراستن و دەستەبەرکردنی ئاساییش و ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیشییەوە.

نووسەر زۆر بە وردی و بە تێڕوانینێکی قووڵەوە باس لە مەسەلەی بەستنەوەی نەوت بە دەستبەرکردنی ئاشتی و ئاساییشی ئەمەریکاوە دەکات، چونکە هەر ئەمەریکا نییە، کە دەیەوێت نەوتی بە نرخێکی هەرزان دەستکەوێت، ژاپۆن و ئەوروپایش دوو هیزی سەرەکین و ئێستا چینیشی هاتووەتە سەر، کە هەر هەمان مەبەستیان هەیە. چین، پێش ئەوەی خۆی بکاتەوە بۆ بازاری جیهانی و ببێتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، واتە: سەردەمی جەنگی سارد، نەوتی خۆی بەشی خۆی دەکرد، لەم دواییەدا"لە ساڵی 2001 دا، ڕۆژانە نزیکەی 3.3 میلیۆن بەرمیل نەوتی دەردەهێنا، بەڵام لە هەمانکاتدا 5 میلیۆن بەرمیلی سەرف دەکرد، کە دەکاتە ئەوەی 1.7 میلیۆن بەرمیلی دیکەی دەوێت و ئەمەیش تەنیا بە هێنانی نەوت پڕ دەکرێتەوە. ئەم ناتەواوی و جیاوازییە لە نێوان نەوتی خۆی و هێنانی نەوت لە دەرەوە ڕا بە ڕێژەی سەدی دەکاتە 34%، کە ئەگەر بەراوردی بە ئەمەریکا بکەیت، کە 54% ە، ئەوا ئەوەی چین کەمترە. وا پێشبینی دەکرێت کە لە دەیەکانی داهاتوودا دەرهێنانی نەوت لە چین وەک خۆی بمێنیتەوە، بەڵام داخوازی نەوت لە ساڵانی داهاتوودا بە ڕێژەی 4% ساڵانە بەرز دەبێتەوە، کە ئەمەیش دەکاتە هەبوونی داخوازییەکی گەورە لە هێنانی نەوت لە دەرەوە. کارگێڕی وزە وا پێشبینی دەکات لە ساڵی 2025 دا چین 12.8 میلیۆن بەرمیل سەرفیاتی هەبێت، کە دەرهێنانی نەوتی خۆی لە هەمان ساڵدا لە 3.4 میلیۆن بەرمیل نەوت تێپەڕ ناکات. ئەمیش دەکاتە ئەوەی کە هاوردنی نەوت لە دەرەوە دەچێتە سەرەوە بۆ 9.4 میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا"ل 165

لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا دەتوانین دوو شتی گرنگ ڕەچاو بکەین:

1. نەوت لەو شوێنانەدا زۆرە، کە ئاساییشی تێدا بەرقەرار نییە.
2. ڕکابەری لە سەر نەوت لە هەموو کاتێکی پێشتر زۆر بەهیزترە.

بۆیە کلەیر ڕای وایە ئەگەر گۆڕانیکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئەمەریکادا نەبێت، مەحاڵە خۆ لە بەیەکدادانە خوێناوییەکانی ئەم سەردەمە بپارێزرێت. زۆربەی کات باسوخواسی سەرەکی سیاسی و لەشکرییەکانی ئەمەریکا لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا لە سەر نەوتە. کلەیر، لە لاپەڕە 4 ی

کتێبەکەیدا دەڵێ"لە ساڵی 1997 جەنراڵ J.H Binford Peay3 ی، کە بە House Subcommittee گوت:"| 65% یەدەکی نەوتی جیهانی لە وڵاتانی کەنداودان و لەم ڕێژەیە ئەمەریکا 20%ی دەهێنێت بۆ پێویستییەکانی خۆی و ئەوروپای ڕۆژاوا 43% و ژاپۆنیش 68% ی پێویستییەکانی خۆیان لەوێوە دەهێنن، هەربۆیە دەبێ کۆمەڵگەی جیهانی لە سەرچاوە سروشتییەکانی ناوچەکەدا دەستی کراوە بێت".

سەرۆکە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمەریکا هەمیشە هەستیان بە مەترسی سیاسەتی پشتبەستن بە هاوردنی نەوت لە دەرەوە کردووە. هەر بۆ نموونە جۆرج بووشی گەورە لە ئابی 1990 دا لە بەرانبەر مەترسی داگیرکردنی سعوودییە لە لایەن عیراقەوە، هێزێکی گەورەی ناردە ئەوێ و گوتی:"لە ئێستادا نەتەوەی ئێمە ئەو نەوتەی کە بەکاری دەهێنێت تا ڕادەیەک هەمووی لە دەرەوە دەهێنێت، ئەمەیش هەڕەشەی سەربەخۆیی ئابووریمان لێ دەکات". بووش ئەمەی لە 8-8-1990 دا لە سەر تەلەڤزیۆن گوت و لە درێژەی قسەکانیشیدا گوتی:"پاشکۆنەبوونی سعوودییە یا سەربەخۆیی تەواوی لە بەرژەوەندە گرنگەکانی ئەمەریکایە" ل 5

شەڕەکانی ئەمەریکا و دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی کەنداوی عەرەبی/ فارسی تەنیا بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی نەوت بووە. هەر وەک لای زۆرمان ئاشکرایە شەڕی پێشووی کەنداو و داگیرکردنی عیراقیش هەر بۆ ئەو مەسەلەیە نەک شتێکی تر یا ئامانجێکی تر بووە.

نەوت کە شادەماری ژیانی ئەمەریکایە، بڕانی یا کەمکردنەوەی لە ڕادەی پێویست، ئەگەر ژیان لەوێ نەوەستێنێت ئەوە بە دڵنیاییەوە گۆجی دەکات. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە کلەیر پەنا بۆ قسەی پسپۆڕێکی وزە دەبات ناوی ئێدوارد مۆرس(Edward Morse)ە. مۆرس دەڵێ:"سەلمێنراوە کە نەوت گەورەترین سەرچاوەی وزەیە و هەروەها باشترین سەرچاوەیەکە بۆ گۆڕینی بۆ شتی تر(واتە: بەنزین، گازۆیل و دروستکردنی ماددەی تر) کە لە ناوجەرگەی ئابووری و پیشەسازی هاوچەرخدا دۆزراوەتەوە" ل 7. کلەیر لە سەر ئەمە دەڕوا و ئاماژە بە هەندێ ئاماری فەرمی دەکات و لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ:"ئەمە بە دڵنیاییەوە لە ئەمەریکادا مەسەلەیەکە. لە کاتێکدا کە نەوت سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ وزە و هەروەها کلیلی گەشەکردنی ئابووریشە. نەوت نزیکەی 40%ی سەرجەمی وزەی نەتەوەیی دەدات، کە زۆر لە هەر سەرچاوەیەکی تر زیاترە، لە کاتێکدا گازی سروشتی 24% و خەڵووز 23% و وزەی ناووکی 8% و سەرجەمی ئەوانی دیکە 5%ی ئەوە دەدەن". هەر لێرەدا کلەیر باسی سوودەکانی نەوت دەکات و ناوی ئەو شتانەیش دەبات، کە نەوت بۆ کارپێکردنیان و دروستکردنیان پێویستە. کلەیر پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە:"لە ئێستادا نەوت 97%ی هەموو ئەو سووتەمەنییە دەدات، کە ئەمەریکاییەکان لە بەکابردنی ئۆتۆمبیل بە هەموو جۆرەکانییەوە، پاس و فڕۆکە و شەمەندەفەر و کەشتی و ئامرازەکانی خۆگەرمکردنەوە و گەرمکەر و...". پاشان کلەیر پێشبینی ئەوە دەکات، کە لەم سەردەمەدا دەرهێنانی نەوت دەگاتە چڵەپۆپە و دوایی ئەمە وردەوردە کەم دەبێتەوە و گەرچی ململانێ لە سەر نەوت و پێداویستی نەوت پێویستتر و تیژتر دەبێت. هەروەها پێی وایە، سەرچاوەکانی تر کە دەتوانن جێگەی نەوت بگرنەوە بە هۆی گرانییانەوە سەختە جێگەی بگرنەوە، بۆ نموونە لەبەر کەمییان وەک گازی سروشتی و هایدرۆپاوەر، یا زۆر تەکلیف دەکات ئەگەر بە هۆی با و هەتاوەوە دابین بکرێ، یا زیانبەخشە وەک خەڵووز کە کاربۆن دایۆکسیدیCarbondioxid دەداتەوە یا لە بەکارهێنانی هێزی وزەی ناووکیدا Redioactive Waste بەرهەم دەهێنێت.

کلەیر بڕوای وایە، کە نەوت و مەسەلەی نەوت خولقێنەری هەموو ئەو قەیرانە ئابوورییانەن کە تا ئێستا ڕوویانداوە. لەو نموونانەیش بڕینی نەوت لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە دەرهێنەر و نێرەری نەوت بوون هەر وەک چۆن بووە هۆی زیادکردنی نرخی بەنزین لە کێشەی 1973/دا1974، شۆڕشی 1979ی ئێران، داگیرکردنی کووەیت لە لایەن عیراقەوە لە ساڵی 1990 دا، هەروەها ساڵانی 2000 و 2002، چونکە نەوت دەورێکی کاریگەری هەمیشە بینیوە لە ئابووری ئەمەریکا و لایەنەکانی تری وەک لەشکر و ژیانی ڕۆژانەیان.

Robert. E. Eber ، کە لە نێوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ئەمەریکادایە لە نیسانی 2002 دا وتی:"نەوت وزە و هێزی لەشکری و گەنجینەی نەتەوەیی و سیاسەتی جیهانیشە".

ئەمەریکا، کە دانیشتووانەکەی کەمتر لە 5%ی سەرجەمی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنیت 25%ی نەوتی جیهان بەکار دەهێنێت.

کلەیر، ڕای وایە مەسەلەی نەوت و سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا سەبارەت بە نەوت و دابینکردنی، ئەمەریکای خستووەتە گیروگرفتێکی گەورەوە، کەچارەسەرکردنی زۆر گرانە، بۆیە لە لاپەڕە 11 ەدا دەنووسێت:"نەوت ئەم وڵاتە بەهێز دەکات، بەڵام پاشکۆیەتی لە چەند ڕوویەکەوە لاوازمان دەکات: یەکەم: باڵبەست و بێدەسەڵاتمان دەکات لەو کاتانەی کە وڵاتانی بیانی ناماندەنێ و لێمان دەگرنەوە، جا ئیدی بە ڕێککەوت بێت یا بە دەستی ئەنقەست. وەک بڕینی نەوت لە هەژانەکەی 1973-1974 و 1979 و 1980 دا، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی نەوت لە بازاڕدا و بەرزکردنەوەی نرخەکەی و دروستکردنی قەیران...لە لایەنی سیاسیشەوە پاشکۆیی نەوت زۆربەی کات وا دەخوازێت، کە بەدەم وڵاتە سەرەکییە خاوەن نەوتە بیانییەکانەوە، ئەوانەی نەوتمان دەدەنێ، ببین و هەموو شتێکیان بۆ بکەین، ئەگەر خۆشمان بووێن یا نە. لە کاتێکدا کە نەوتمان پێ دەفرۆشن، چاوەڕوانی پارەی زیاتری قەرەبوو دەکەن، دەبێ پشتیان بگرین لە ڕێکخراوی دەوڵەتانی یەکگرتوودا. چاوەڕوانی گواستنەوە و وەرگرتنی نوێترین چەکەمەنیمان لێ دەکەن. چاوەروانی پارێزگاری سەربازی و شتی ترمان لێ دەکەن. ئەگەرچی سەرۆکەکانمان نایانەوێت ئەمانە بکەن، بەڵام زۆربەی کات ناچارن، کە دەبێ بیکەن تاکو هەرخورەی نەوت بێت. لە هەموو شتێک خراپتر پاشکۆییبوون ئاشتی و ئاساییشمان دەخاتە غەرغەرەوە بە تێوەگلانمان لە شەڕی نەوتدا لە وڵاتانی دەرەوە یا تەشەنە دەدا بە دوژمنایەتی و ڕوودانی ئاژاوە و شەڕوشۆڕی سیاسی و ئایینی، کە بە هەبوونی پێگە و هێزی سەربازی ئەمەریکی لە ناویاندا ڕق و کینە و بیزارییان زیاتر دەکات". (درێژەی هەیە)